# چیتر باسی کەرکوک مەکەن

Ibrahim Melazade
bmalazada@gmail.com

ئەم تایتلەی سەرەوە یەکێک بوو لە قسەکانی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بۆ ئەو پەرلەمانتارانەی کە پرسیاریان هەبوو بۆ سید عبدولعەزیز ئەلحەکیم، لە هۆڵی پەرلەمانی کوردستاندا.
هەروەها هەواڵێک لە دەنگی سەربەخۆ بڵاوکرایەوە کە بەڕێز موفتی دامەزراندنی حکومەتی عیراقی بەلاوە گرنگتر بووە لە داواکاری پەرلەمانتاران بۆ یەکگرتنەوەی ئیدارەکان ❊.
دەکرێ بۆ خاڵی یەکەم پاکانەیەک هەبێ، لەوانەیە خەڵکێک بڵێن مەبەستی بەڕێز موفتی دوبارە نەکردنەوەی پرسیار بووە، کات کەمبوو، ویستویەتی دەرفەتی پرسیاری تر بدرێ. ئەگەر چی منیش وای دەبینم کە مەبەستی بەڕێز موفتی دژ بە پرسی کەرکوک نەبووە، لەبەر کەمی کات هەوڵیدا لە کورتی بیبڕێتەوە. بەڵام نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە لە ڕووی سۆسیۆلۆژیەوە هیچ شتێک لە خۆڕا سەرهەڵنادا، نەک هەر وشەکان بەڵکو پیتەکانیش دەئاخڤن. دەرەنجامی چیتر باسی کەرکوک نەکرێ، دوای تێپەڕبوونی سێ ساڵ بەسەر ڕوخانی ڕژێم چارەسەرنەکردن و مانەوەی ئەو شارە کوردستانیەیە وەکو خۆی، مانەوەیەتی لە درێژبوونەوەی باوەشی ترس و دڵەڕاوکێی چەندین ساڵە لە پاکتاوکردنی ڕەگەزی و شێواندنی سیما جوانەکانی ئەو شارە.
چیتر باسی کەرکوک مەکەن، لە خۆیەوە نایەت، ئەو ڕستەیە نەک هەر قسەدەکات، چاکوشێکی گەورەشە بۆ داتەپاندنی ئەو حەماسەتەی کە پەرلەمانتاران بەرامبەر بە سەرۆکی گەورەترین لیستی هاوپەیمان دەریدەبڕن. دەزانم ئەو قسەی بەڕێز موفتی بەرنامە بۆ داڕێژراو نیەو فەرمانێکی حیزبیش نیە، بەڵام کاراکتەرێکی کوردیە کە لە بەرامبەر خەڵکی بێگانە لە خوبووردوە و زیاد لەپێویست میواندۆستە.
لەگەڵ ئەوەش با بەسەر ئەو قسەیەدا تێپەڕین و زیاتر لە مانای سادەی خۆی نەدەینە پاڵ.
بەڵام ئەی چ لە ڕەدکردنەوەی داواکاری ئەو پەرلەمانتارانە بکەین؟
گەلێکی داماوی سەدان ساڵەی بێ قەوارەو بێ دەسەڵات، گەلێک کە هەموو شتێک بەیەکە دەیانبەستێتەوە، مێژوو، زمان، جوگرافیا، بەرژەوەندیەکان، هاوچارەنوسی، هەتادوایی، بەڵام دوو حکومەت بەڕێوەیان دەبات، دوو حکومەت نەک بە خواستی جەماوەر، بەڵام بە خواستی حیزب دروست دەبن و چارەنوسی گەلێک دابەش دەکەن. دوو حیزبیش کە لەسەر بەرژەوەندیەکانیان بە ئاشکرا و بە نوێژی نیوەڕۆ، بێ ئەوەی شەرم لە نەتەوەکەیان بکەن، بێ ئەوەی لە مێژوو بترسن و حیسابی بۆ بکەن، بێ ئەوەی سەخڵەتی و هاوار و داواکاری تێکڕای ڕۆشنبیرانی ئەو گەلە و تێکڕای جەماوەری کوردستان بە هەند وەربگرن و لێی بسڵەمنەوە.

هەموو خەڵکی کوردستان شاهیدە کە هەموومان ماندووبوین لە گوێ گرتن بۆ بەڵێنی سەرکردەکان، کات دەڕوات و بەڵێنەکانیش وەکو بەفری بەهار دەتاوێنەوە.
بەڵێنماندا دەنگ بدەین بە لیستی 730 بە ئومێدی ئەوەی چارەنوسی خەڵکی کوردستان نەکەویتەوە دەست بێگانە، بەڵێنی خۆمان بە جێهێنا، سەدا حەفتای دەنگەکانی دەرەوەی عیراق هی کوردستانیانی دەرەوەی نیشتمان بوو، لە ناوەوەش بە گوڕ و حەماسەتەوە بەڵێنیان بە جێهێنا. سەرکردەکانیش بەڵێنیاندا کە سوود لە هەڵەکانی ڕابردوو وەربگرن و ئیدارەکانیش ببنەوە بە یەک، بەڵام دەرەنجامی یەکێک لەو بەڵێنانە هەڵوێستی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانە. من هەر ئەوەندە پرسیار دەکەم، ئاخۆ دەزگاکانی هەرێم چ کاریان بە بەغداوەیە، بۆ کە کارێکی تایبەت بە بەغدا لە بەر دەست دەبێ هەموو ژیان دەوەستێ لە کوردستان، بۆ چارەنوسی گەلێک بکەوێتە دوای چارەنوسی پایەتەختێک کە زیاتر لە هەشتا ساڵە مردنمان بۆ دەنێرێ. ئاخۆ بەڵێنەکانی (ئەگەر چی هیچ بەڵێنیشی نەدان و وەک پاڵەوانیش پێشوازی لێکرا) بەڕێز عەبدولعەزیز ئەلحەکیم لە بەڵێنەکانی ساڵی پارو ئەزمونی جەعفەری تەمەنیان درێژتر دەبێ؟ مەگەر نازانن (توقیە) شادەماری بیروباوەڕی ئەو بەڕێزانەیە؟؟.
نازانم لەمەیان چ پاکانەیەک بۆ سەرۆکی پەرلەمان بکەین. مەگەر ئەو سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانە یان هی عیراق؟ یان چیتر باسی کوردستانیش نەکەین!؟.

* http://www.kurdistanan.com/Nûche-December/serokî-perleman-yekgirtnewey-herdû-idare-retdekatewe-12-29.htm